DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi12.5

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# پێگەی (شێخ ڕەزای تاڵەبانی) لە بونیادنانی گوتاری سێکسیی لە شیعردا

د.ئەحمەد محەمەد ڕەشید میرە

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور، زانکۆی هەڵەبجە

هەرێمی کوردستان، عێراق
ahmad.mira@uoh.edu.iq

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی «پێگەی (شێخ ڕەزای تاڵەبانی) لە بونیادنانی گوتاری سێکسیی لە شیعردا»، کارکردن تێیدا لە ئەدەبی کوردیی دا، هەم کارێکی نوێیە و هەم ئاڵۆز و فرەلایەنە، بۆیە توێژەر هەوڵیداوە، بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ راڤەی شیعرەکان و بنەماکانی کارکردنی بکات. بە گشتیی لە توێژینەوەکەدا، کار لەسەر لە دەرخستن و پیشاندانی پێگەی شێخ رەزا لە بونیادنانی گوتاری سێکسیی دا کراوە، بۆ ئەوەش، راڤەکردنی چەمکی گوتار و گوتاری سێکسیی لە ئەدەبدا بەهەند وەرگیراون و دواتریش، لێکدراوەتەوە و پەیوەندیی نێوانیان دەرخراوە. هاوکات رەهەندەکانی گوتاری سێکسیی لە شیعرەکانی (شێخ رەزا)دا باسکراون، بەتایبەت رۆڵی جەستە لە بونیادنانی ئەمجۆرە گوتارەدا، ئەمە جگە لەوەی، بوونی هەردوو رەگەزی (نێر و مێ) لە چوارچێوەی ئەمجۆرە گوتارەدا جیاکراونەتەوە، دواجاریش جیاوازییەکانی نێوان مەبەستی داشۆرین و گوتاری سێکسیی لە ئەزموونی شیعریی شاعیردا باسکراون و نموونەی شیعرییان بۆ هێنراونەتەوە. توێژینەوەکە، بە گشتی ی لە دوو توێی دوو بەش دا و بەپێی رێبازی وەسفیی شیکاریی، ئەنجامدراوە. لەبەشی یەکەم دا، هەوڵدراوە چەمکی گوتار و گوتاری سێکسیی لە ئەدەب دا شیبکرێتەوە و راڤەبکرێت، دواتریش پاش لێکدانەوەی واتای ئەم چەمکانە لە رووی زمانەوانیی و فەرهەنگییەوە، کار بۆ پیشاندانی پەیوەندیی نێوان (سێکس و جەستە) و (سێکس و ئیرۆتیك) و (سێکس و خۆشەویستیی) کراوە و، بەڵگە و پاساوی زانستیی بۆ هەبوونی ئەمجۆرە گوتارە لە ئەدەب دا هێنراونەتەوە. بەشی دووەمیش، بۆ پێگەی شێخ رەزا لەنێوان داشۆرین و گوتاری سێکسییدا تەرخانکراوە، تێیدا جیاوازیی نێوان مەبەستی داشۆرین و گوتاری سێکسیی نیشاندراوە، بۆ هەموو ئەمانەش، نموونە و بەڵگەکان لە دیوانی (شێخ رەزای تاڵەبانی) یەوە وەرگیراون. لەکۆتایشدا، ئەنجامەکانی توێژینەوەکە لە چەند خاڵێکدا خراونەتەروو.

**کلیلە وشەکان: گوتاری سێکسیی، داشۆرین، جەستە، ئیرۆتیك، خۆشەویستیی.**

Recieved: 31/10/2022
Accepted: 29/11/2022

E-ISSN: 2790525-X

P-ISSN: 27905268

## ١/١ گوتار: چەمک و پێناسەی گوتار

گوتـار یەکێکـە لـە دیارتیـن ئـەو زاراوە هزریـی و فەلسـەفیی و ئەدەبییـە ئاڵۆزانـەی، کـە لـە قۆناغـی دوای بونیادگەریـی post structuralism لـە جیهانـدا سـەریهەڵداوە. لـە بنەڕەتـدا لـە کۆمەڵێـك چەمـك و پێوانـەی دیاریکراو پێکدێت، کە دواتر دەبنە گوتارێکی تایبەت. دەبێت ئەوە بزانین، کە گوتار لە دەق گەورەترە، چونکە پەیوەستە بە (ئاستی دەربڕیـن و بەرامبەرە بە ئاستی ناوەڕۆکی دەقەکە، هەروەها گوتار لە دەق جیادەبێتەوە لـە رووی: پێوانـە، ئـەرك، دەوروبـەر context، پەیوەندیـی و ئامـاژەکان References). (سرحـان، الجنـس، ٢٠١٠، ٢٤_٢٥). گوتار خۆی نابینێتەوە لە بیرۆکەی دەقێکی دیاریکراودا، یاخود بابەتی دەقێك، کە شاعیر دەینووسێتەوە، بەڵکـو کـۆی ئـەو ئاڕاسـتەی بیرکردنەوانـە و، ئـەو ئـەرك و پەیوەندییانـەش لەخۆدەگرێـت، کـە شـاعیرێك، یـان نووسـەرێك دەقـە ئەدەبییەکـەی لەسـەر بونیاددەنێـت.

گوتـار لـە هـەردوو فەلسـەفە و جیهانبینیـی خۆرهەڵاتیـی و خۆرئاوایـي دا ئامادەیـی هەیـە، بـۆ نموونـە لـە قورئـان دا لـە چەنـد شـوێنێکدا بـاس لـە وشـەی گوتـار (خطـاب) کـراوە «وَآتَيْنَـاهُ الْحِكْمَـةَ وَفَصْـلَ الْخِطَـابِ» سورة ص، الآیـة (٢٠)، «فَقَـالَ أَكْفِلْنِيهَـا وَعَـزَّنِي فِي الْخِطَـابِ» سـورة ص، الآیـة (٢٣)

ئـەرکی گوتـار لـە کتێبـە ئایینییەکانـدا جیـاوازە لـە ئـەرکی گوتـار لـە دەقـی ئەدەبییـدا، چونکـە گوتـار لـە کتێبـە ئایینییەکانـدا کار لەسـەر گێڕانـەوە و گەیاندنی پەیامێکی دیاریکـراو دەکات، لەکاتێکـدا گوتـار لـە دەقـی ئەدەبییـدا، کارکردنـە لەسـەر گەیانـدنی کـۆی جیهانبینیـی نووسـەرێك بـۆ ئـەوی تـر، یاخـود بـۆ هەمـوو مرۆڤایەتیـی.

بنـەڕەتی وشـەی گوتـار لـە خۆرئـاوا بـۆ وشـەی Discourse دەگەڕێتـەوە، کـە لـە وشـەی لاتینیـی (Discursus) هوە وەرگـیراوە، وشـەکە گوزارشـتە لـە مشـتومڕ Dialectique، یاخـود ژیریـی و سیسـتەم Logos وەك ئـەوەی لای ئەفلاتـون هەیـە.

بیسـونس Buyssens یەکەمیـن کـەس بـوو لـە سـاڵی (١٩٤٣)دا بابـەتی گوتـاری لـە لێکۆڵینـەوە زمانەوانییەکانـدا بەکارهێنا، بەوپێیـەی پێشتر زمانەوانانی وەك (سۆسێر، جاکۆبسـن) ئاماژەیـان بـۆ زاراوەکـە نەکـردووە. (سـەرچاوەی پێشـوو، ٢٥)

کەواتـە گوتـار لـە تەنهـا رەهەندێـکی دیاریکـراودا کورتناکرێتـەوە، بەڵکـو بەشـێوەیەکی سـتوونیی، بەکـۆی جیهانبینیـی نووسـەردا رۆدەچێتـە خـوارەوە، بەواتا (مەبەسـت و ئاماژەکانی گوتـار تەنهـا لـە رەهەنـدی زمانەوانیـی دەقـدا خـۆی قەتیسـناکات، بەڵکـو پەیوەسـتە بـە ئاسـۆی رۆشـنبیریی و سیسـتەمەوە، کـە سـەرچاوەی بەرهەمهێنـانی زانیارییـن، هـەر لەبـەر ئەمەشـە پێناسـەکردنی گوتـار ئاڵـۆزە، چونکـە بنەڕەتێکی رۆشـنبیریی هەیـە). (سـەرچاوەی پێشـوو)

لەبـەر ئـەو ئاسـتە فراوانـەی، گوتـار هەیـەتی، ناتوانیـن لـە تەنهـا پێناسـە و چەمکێکی دیاریکـراودا مامەڵـەی لەگەڵـدا بکەیـن، بەڵکـو پێویسـتە بـۆ تێگەیشـتن لـە گوتـار، لـە تـەواوی ئـەو ئاڕاسـتە و بنەمایانـە بگەیـن، کـە کـۆی جیهانبینیـی نووسـەر، یاخـود شـاعیریان پێکهێنـاوە.

گوتـار بـە تەنهـا دەق، یاخـود بـیری دەق، یاخـود کردەیـەکی زمانەوانیـی ڕووت نییـە، بەڵکـو گوتـار بونیادێـکی داخـراوە، کـە لـە کۆمەڵێـك بنەمـای ئامـاژەدارو نـووسراو و زارەکی پێکدێـت و زاراوەیـەکی سـەرەکیی نـاو دونیـای فەلسـەفەو هـزری دوای بونیادگەرییـە لـە جیهانـدا. (الفجـاري، ١٤٣٥هــ ، ١٨٦)

## ٢/١ مێژووی گوتاری سێکسیی

## ١-٢/١ مێژووی گوتاری سێکسیی لە جیهاندا

سـێکس وەکچـۆن خـاوەنی ڕەهەندێـکی جیهانییـەو لەنـاو هەمـوو کۆمەڵـگاو شارسـتانییەتەکاندا بـوونی هەیـەو باسـکراوە، بـە هەمـان شـێوەش ڕەهەندێـکی مێژوویـی هەیـە. «سـێکس پێکهاتەیـەکی فسـیۆلۆژی و نەگـۆڕە لـە هەمـوو کۆمـەڵ و کولتوورەکانـدا یەکسـانە بەپێـی گـۆڕانی کات ناگۆڕێـت و وەکـو خـۆی دەمێنێتـەوە«. (نوردنسـتام، ٢٠٠٩، ٣٩)، وەرگـیراوە لـە (تۆفیق، ٢٠١٥، ٥٢). لەگـەڵ بـوونی (مـرۆڤ)دا، سـێکس وەك میکانیزمـی خسـتنەوەی نـەوەو چێـژ وەرگرتـن مامەڵـەی لەگەڵـدا کـراوە. هەمـوو ئایینـەکان بـە گرنگییـەوە لەسـەر بابـەتی (سـێکس) وەسـتاون. لەمـڕووەوە چـیرۆکی (ئـادەم و حـەوا)، وەك یەکەمـین چـیرۆکی ئایینـی بـۆ دروسـتبوونی مـرۆڤ، هەڵگـری هەمـان تایبەتمەندێتیـی سێکسـییە، هەروەهـا چیرۆکی ململانـێ و شـەڕە لەسـەر ڕەگـەزی تـر لەنێـوان (هابیـل و قابیـل)دا بەشـێکی تـری ئـەو جـۆرە گوتارەیـە لـە ئایینـدا. «یەکـەم تـاوانی مـرۆڤ دوای ئـادەم، یەکـەم یاخیبوونیـەتی، ئەویـش کوشـتنی (هابیـل)ە بـە دەسـتی (قابیـل)». (مـیرە، ٢٠١٩، ٢٥). ئـەم گوتـارە بـە ئاشـکرا لـە قورئانـدا دەبینرێـت «نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنَّىٰ شِئْتُمْ ۖ وَقَدِّمُوا لِأَنفُسِكُمْ ۚ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّكُم مُّلَاقُوهُ ۗ وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ» سورة البقرة، اية (٢٢٣)

دەربڕینـی (حـرث لکـم)، لێکدانـەوەی زۆری بـۆ کـراوە، بـەڵام گونجاوتریـن لێکدانـەوە ئەوەیـە، کـە پیـاوان دەتوانـن بـە ویسـت و ئـارەزووی خۆیـان کـرداری سـێکسی لەگـەڵ ژنەکانیانـدا ئەنجامبـدەن، واتـە لـە قورئانـدا بـەڕوونی بـاس لـەم پێداویسـتییە تایبەتـەی ژیـانی مـرۆڤ کـراوە.

(ئیسلام تـوانی سێکس ئاوێتـەی ژیـانی ڕۆژانـەی مـرۆڤ بکاتـەوە، بەو پێوانەیـەی، کـە سـێکس ئەزموونێـکی ڕۆژانـەی ژیـانی مرۆڤـە بەبـێ کـۆت و بەنـدو زەبـرو زەنگـی مرۆڤـەکان، هـەر ئـەم کرانەوەیـەش وایکـرد، بـوار لەبـەردەم دروسـتبوونی پەیوەندییـە سێکسـییەکاندا بکرێتـەوە، بەمەرجێـك لـە سـنوری بنەمـاکانی ئیسـلام دەرنەچێـت) (سرحـان، الجنـس، ٢٠١٠، ٧٢)

وەك پێشـتر ئاماژەمـان بـۆ کـردووە، ئـەم بابەتـە لـە هەمـوو کۆمەڵگاکانـدا بـوونی هەبـووە. لەنـاو ئـەو کۆمەڵگایانەشـدا، کۆمەڵـگا ڕۆژهـەڵاتی و ئایینیـەکان، بـەڵام هەریەکەیـان بەجۆرێـك مامەڵەیـان لەگەڵـدا کـردووە. لـە هەندێـك کۆمەڵـگادا ئـەم بابەتـە دەچێتـە خانـەی (تابـۆ)وە، چونکـە تاکـەکان نایانەوێـت ئـەم کـردارە، یاخـود وشـەو دەربڕینـەکانی پەیوەسـت بـە (سـێکس) وەکخۆیـان دەربـبڕن. «یەکێـك لـە تایبەتمەندییـە هـەرە دیـارەکانی هەڵسـوکەوتی تـاك لـە گروپـە کۆمەڵایەتییەکەیـدا جێخۆشـکردن و هەوڵدانیـەتی بـۆ هەڵکـردن لەنـاو ئـەو گروپـە کۆمەڵایەتییـەدا. بـۆ ئـەم مەبەسـتە زۆرینـەی زۆری تاکـەکانی کۆمـەڵ هەوڵـدەدەن بەپێـی بـاو و ڕۆیشـتوو خوونەریتـی بـاو، خۆیـان بـەدوور بگـرن لـە بەکارهێنـانی ئـەو دەربـڕاوە زمانییانـەی، کـە نیشـانەی پرسـیاریان لەسـەر دروسـتدەکات. کۆمـەڵ گومـان لەسـەر ئاکاریـان دروسـتدەکات و پلەوپایەیـان دووردەخاتـەوە لـەو کەسـایەتییە نموونەییـەی کـە لـە میانـەی بابـەتی (ئـاکار)دا خرایـەڕوو» (فـەرەج، ٢٠١٣، ١٦٨)

نەجوڵاندنی بابەتی سێکس و وشەو دەربڕینەکانی پەیوەست بە (سێکس)ەوە، پەیوەندیی بە ڕەفتاری گشتی و دابونەریتەوە هەیە. تاکەکانی کۆمەڵگاش بۆ دوورخستنەوەی گومانی بێڕەوشتی، خۆیان لەم بابەتە بەدووردەگرن. بۆ نموونە لە کۆمەڵگای کوردیدا ئەم بابەتە لە حوجرەو کۆڕە تایبەتییەکان و دیوەخانەکاندا گەلێك باو بووە، بەڵام لەناو نووسیندا کەمتر ئەم بابەتە باسکراوە. ڕەنگە دەوڵەمەندترین سەرچاوە بۆ چیرۆکە سێکسییەکانی ناو مێژووی کەلتووری کوردی، (ڕشتەی مرواری)ی عەلائەدین سەجادی بێت.

لە مێژووی نووسینی جیهانیدا، سەرەڕای تیۆرییە دەوڵەمەندەکانی سیگمۆند فرۆید لەم بوارەدا، دەوڵەمەندترین سەرچاوەی زانستی بۆ تێگەیشتن لە مێژووی سێکس، سەرچاوە بەناوبانگەکەی (میشێل فۆکۆ)یە بەناوی (مێژووی سێکوالیتە) لە سێ بەرگدا. بەرگی یەکەم بۆ (ویستی دانایی) تەرخانکراوە، بەرگی دووەمیش باس لە (بەکارهێنانی چێژەکان)و لە بەرگی سێیەمیشدا، باس لە (خەمی خود) دەکات، واتە فۆکۆ لە هەر بەرگێکی کتێبەکەیدا یەکێك لە ڕەهەندەکانی مێژووی سێکس باسدەکات. لەبەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا، فۆکۆ دەڵێت: «دەتوانین هێڵێك دەستنیشان بکەین کە لە شوانکارەی سەدەی حەڤدەوە ڕێك دەڕوات بەرەو ئەو شتەی لەناو ئەدەبیاتداو بەتایبەت لەناو ئەدەبیاتی _ئابڕوو بەرانەدا_ ڕەنگی داوەتەوە. ڕێنوێنکاران دووپاتی دەکەنەوە بە هەموو شتێك بوترێت: نەتەنها کردە کراوەکان، بەڵکو دەستلێدانە هەستەکییەکان، هەموو ڕوانینە ناپاکەکان. هەموو وتە بێشەرمەکان» (فۆکۆ، مێژووی سێکسوالیتی، ویستی دانایی، ٢٠١٧، ٤٢)

لە بەرگی دووەمدا لە (بەکارهێنانی چێژەکان)دا دەڵێت: «دەتوانین ئەو تێزە باوە لەسەر یۆنانیی ئەو سەردەمە وەربگرین، کە خەڵك زۆر ئاسانتر لە کریستانەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و ئەوروپییەکانی قۆناغی مۆدێرن هەندێك هەڵسوکەوتی سێکسییان قبوڵ دەکرد». (فۆکۆ، مێژووی سێکسوالێتە، بەکارهێنانی چێژەکان، ٢٠١٧، ٦٥)

لەبەرگی سێیەمدا، کە تایبەتە بە (خەمی خود) دەڵێت: «فەیلەسوفان هەموو پەیوەندییەك لە دەرەوەی هاوسەرگیری مەحکوم دەکەن و وەفادارییەکی توندوتۆڵ دەخەنە بەردەم هاوسەران» (فۆکۆ، مێژووی سێکسوالێتە، خەمی خود، ٢٠١٧، ٣٨٧)

بەکورتی، فۆکۆ بەتەواوەتی هەموو ڕەهەندە مێژوویی و فەلسەفی و ئایینییەکانی گوتاری سێکسی، دەخاتەڕوو. لەلایەکەوە ئەو ئاڕاستانە باسدەکات، کە لە کردەی سێکسیدا بەبێ شەرمکردن دەربڕین و کردەی ڕەوان بەپێی نەریتی هەندێك کۆمەڵگا، لەلایەکی تریشەوە، ئەو ڕێنمایی و بنەمایانە دەخاتەڕوو، کە کۆمەڵگا جیاوازەکان بۆ ئەنجامدانی کردەی سێکسی، دەیخەنەڕوو.

## ٢_٢/١ گوتاری سێکسیی لە ئەدەبدا

کاتێك باس لە وشەی (سێکس) دەکرێت، دەبێت هەم لەڕووی بەکارهێنان و هەم لەڕووی کردەوەوە، لەسەر چەند ئاستێکی جیاواز لێبڕوانرێت. شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵیدا بەپێی ئایین و فەلسەفە و کەلتوورو

کۆمەڵگاو قۆناغە جیاوازەکان گۆڕانی بەسەردا دێت. بۆ نموونە سێکس لە ئاییندا، هەڵگری چەمکێکی تایبەت بە خۆیەتی، تەنانەت لەناو ئایینەکانیشدا لە ئایینێکەوە بۆ ئایینێکی تر گۆڕانی بەسەردا دێت. تێگەیشتنی دەروونزانێك بۆ سێکس زۆر جیاوازترە لە تێگەیشتنی پیاوێکی ئایینی بۆ هەمان بابەت.

لە هەندێك باردا ئەم بابەتە وەك بابەتێکی نەخوازراو سەیردەکرێت و دەخرێتە چوارچێوەی لادانی دەروونی و ڕەفتارییەوە، زۆر جاری تریش، ئاستەکانی ئەم بابەتە تێکەڵاوی یەکتر دەکرێن. لە ئاستی میتۆدیدا هەر سێ وشەی سێکس، سێکسوالێتی، گوتاری سێکسی (Sex-sexuality, sexua Discourse) تێکەڵدەکرێن، لەکاتێکدا سێکس ڕەفتارێکی بایۆلۆجیی گیاندارەکانەو سێکسوالێتی ژیانی سێکسیی بەشێوەیەکی تەواوکاری لەخۆدەگرێت، بەڵام گوتاری سێکسیی، تەواوی ڕەهەندەکانی کردەی سێکسکردن لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا دەگرێتەوە. بڕوانە: (سرحان، الجنس، ٢٠١٠، ٥٥_٥٦)

سێکس لە ژیانی مرۆڤدا، چەند ڕۆڵێکی جیاوازی هەیە، واتە کردەیەکە تەنها پەیوەست نییە بە زاوزێ، یاخود چێژوەرگرتن، بەڵکو فرەئەرك و فرە ڕەهەندە «لەلای مرۆڤ ئامانجی سەرەکی لە پرۆسەی سێکسی دا، چێژوەرگرتنە نەك تەنها زاوزێ. ڕێگاکانی وەرگرتنی چێژی سێکسی لەنێوان نێرومێی مرۆڤدا، یاخود لەلای هەر یەکێکیان دوور لەویتر، زۆرو هەمەڕەنگن، تەنها زاوزێیە، یەکڕەنگ و یەك ڕێگای هەیە» (بۆکانی، ٢٠٢٠، ٢٥٤)

لێرەدا پێویستە لەڕووی زانستییەوە، جیاوازیی نێوان گوتاری سێکسیی و ئەدەبی سێکسیی (Pornography) بخرێتەڕوو. لە ئەدەبی عەرەبیدا، زاراوەکانی (الأدب الجنسي، الأدب المكشوف، الأدب الفاضع)ی بۆ بەکاردەهێنرێت، ئەویش لە بنەڕەتدا لە وشەی (پۆرنۆگرافی)ی یۆنانییەوە وەرگیراوەو بە واتای ئەو نووسین و وێنانە دێت، کە لەبارەی ژیان و ڕەوشتی ژنی لەشفرۆش و ژنانی شەبەقی و سێکسییەوە دەدوێت.

ئەمجۆرە ئەدەبە بە ئاشکرا باس لە جەستەی ژن و ئەندامە سێکسییەکان و پەیوەندیی سێکسی دەکات. لەمێژووی کۆنداو بگرە لە هەموو سەردەمەکان و لە هەموو کات و شوێنێکدا، ئەدەب و هونەری سێکسی، بوونیان هەبووە، دەشێت ئەدەبی سێکسی لە سەردەمە جیاوازەکاندا، نەریت و ئیتیکی کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمە شیکاربکات. بۆ نموونە دەکرێت لە میانی حیکایەتەکانی (هەزارو یەك شەوە)دا ڕەفتارو چەمکە سێکسییەکان لەلای خەڵکی ئەو سەردەمە ڕوونبکاتەوە، کە بە چ شێوەیەك تەماشای سێکس و جەستەی ژن و پەیوەندیی سێکسییان کردووە. بڕوانە: (ئەسوەد، ٢٠١٥، ١١٦_١١٧)

دەتوانین ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە گوتاری سێکسی، ڕەهەندێکی ڕۆشنبیری و مەعریفیی قووڵی هەیە و ڕەگ و ڕیشەی لە مێژووی شارستانییەتی مرۆڤایەتیدا هەیەو زیاتر خۆی دەبینێتەوە لەو پەیامە تایبەتە مرۆڤانەی، کە تێیدا هەیەو دەیەوێت دۆخێکی نوێتر دروستبکات، بەوەش زیاتر دەبێتە بەشێك لەو هۆشیارییەی، کە یاخیبوونی نووسەرو شاعیر بەرامبەر دیاردە جیاوازەکان دروستیدەکات، ئەمە لەکاتێکدا گوتاری سێکسی، زیاتر خۆی لە وەرگرتنی چێژ لە جەستەشدا دەبینێتەوەو هەڵگری پەیامێکی تایبەت نییە بەرامبەر بە دۆخێکی دیاریکراو.

٣/١ سێکس و سێکسواڵیتی لە زمانی کوردیدا

کەلتـوور ڕۆڵێـکی گرنـگ دەگێڕێـت لـە ناونـانی شـتەکان لەنـاو کۆمەڵـگادا. ئەگـەر سـەیری فەرهەنـگ و کەلتووروو زمـانی کـوردی بکەیـن، دەبینین کەمـتر بـاس لـەم جـۆرە ناونانـە کـراوە، بگـرە جۆرێـك لـە خۆبەدوورخستن لـە بابەتەکـەدا هەسـتپێدەکرێت، لەکاتێکـدا سـێکس لـە ئـەدەبی کوردیـدا ئامادەییـەکی بەرچـاوی هەیـە، بـەڵام کاتێـك دەتەوێـت توێژینـەوە لەمبارەیـەوە بکەیـت، لـەڕووی بەکارهێنـانی زاراوەوە تـووشی ئاسـتەنگی زانسـتی دەبیـت.

لـە فەرهەنگی کوردیـدا، بەرامبـەر بـە وشـەی (سێکس و سێکسـواڵیتی و گوتـاری سـێکسی)، وشـەی تایبـەتی نییـە، بـەڵام بەرامبـەر کردەکـە لـە زمـانی کوردیـدا، وشـەی (گانکـردن) بەکاردێـت.

لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەدا، وشەکە بەمجۆرە هاتووە:

گانکردن: ئیلاقەکردن، کاری گان ئەنجامدان. (موکریانی، ١٩٩١، ٦٨٥)

لە فەرهەنگی (خاڵ)دا، وشەی سێکس باسنەکراوە، بەڵام وشەی (گان) بەمجۆرە باسدەکات:

گان: دروست بوونی نێر لەگەڵ مێ دا. (خاڵ، ٢٠٠٥، ٣٩٣)

لـە فەرهەنگـی (کوردستان)یشـدا، بـاس لـە وشـەی (سـێکس) نەکـراوە، بـەڵام وشـەی (گان) بەمجـۆرە لێکدراوەتـەوە:

گان: نێـوی جووتبـوونی نێـرو مێیانـە. کـردن. جووتبـوون. دروسـتبوون. (موکریـانی، ١٩٩٩، ٨٠٥)، هـاوکات بـۆ زانیاریـی زیاتـر لەبـارەی مێـژووی زاراوەکـەوە وەك (جێنـدەر)، بڕوانـە: (تۆفیـق، ٢٠١٥، ٥٠)

لەمـەوە بۆماندەردەکەوێـت، بابـەتی سـێکس لـە فەرهەنگـی کوردیـدا لای لێنەکراوەتـەوەو تەنهـا بەشـێوەیەکی سـەرپێیانە بـاس لـە کردەکـە کـراوەو یەکێـك لـە وشـە تابۆکـراوەکانی بـۆ بەکارهێـنراوە، ئەمـە لەکاتێکـدا سـێکس لـە ئـەدەبی فۆلکلۆریـی و ئـەدەبی میلـلی و ئـەدەبی کلاسـیکی و ئـەدەبی نوێـی کوردیـداو لەنـاو کەلتـووری کۆمەڵـگای کوردیـدا، بوونێـکی بەرچـاوی هەبـووە.

یەکێـکی تـر لـە تایبەتمەندییـەکانی هـەردوو دەربـڕاوی (گان و گانکـردن) لـە زمـانی کوردیـدا ئەوەیـە، کـە هەردووکیـان نـاوی کردارـیـن و دەتوانـن هـەم ئـەرك و هـەم واتـا بگەیەنـن. بەهـۆی تابـۆی نـاوە کرداریـیەکـەوە، کەمـتر لـە فەرهەنـگ و کاری زانسـتیی زمانەوانەکانـدا کاری لەسـەر کـراوە.

## ٤/١ سێکس و ئیرۆتیک و گوتاری سێکسیی

سـێکس و ئیرۆتیـك لـە ئەدەبـدا پەیوەندییـەکی ئۆرگانییـان هەیـەو لـە زۆربـاردا تەواوکـەری یەکـن، بـەڵام لـە دوو دۆخـی هاوشـێوەو هاوئاسـت و هاوواتـای یەکـتردا نیـن. هەرچەنـدە بۆچوونێـك هەیـە پێیوایـە ئـەم دوانـە لـە ئەدەبـدا وەکیەکـن، بـەڵام لـەڕووی ڕەهەنـدی زانسـتییەوە لەیەکـتری جـودان (زۆر گرانـە جیـاوازی لەنێـوان ئـەم

دوو چەمکەدا بکەین، دەوترێت پۆرنۆگرافی دیوێکی تری ئیرۆتیکی)یە. (حمود، ٢٠١٢، ٢٢٢)، بەڵام بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار ئەم دوو جۆرە ئەدەبە لە یەکتر دوورکەوتوونەتەوە، چونکە «ئەدەبیاتی ئیرۆتیك بریتی نییە، لە نیشاندان و خستنەڕووی سێکسێکی تەواو ڕووت و بێ هەست، کە بەشێوەیەکی ئاژەڵیانە، یا سەرپێیانە ئەنجام بدرێت» (مەولود، ٢٠١٦، ٣٤٦)، بەڵکو ئیرۆتیك بووە میکانیزمی دەربڕینی هەست و باری دەروونیی نووسەر بۆ ڕەگەزی بەرامبەر، ئەو دۆخە جگەلە ئیرۆتیك، هیچ ڕێگایەکی تر بۆ دەربڕینی نییە، بەوەش پۆرنۆگرافی زیاتر چووە ئاستی یاخیگەرانەوەو بووە میکانیزمی ڕەتکردنەوەی پرۆسەی سێکسیی باو لەناو گوتاری باوی گشتیی کۆمەڵگادا. ئەم دۆخە لە گۆڕانی بەردەوامدا بوو تا ئەو بڕوایە دروستبوو، کە سێکس لەناو هەموو گیانلەبەراندا هەیە، بەڵام گوتاری سێکسی تەنها لە مرۆڤدا بوونی هەیە. (أوشو، ٢٠١٤، ١١٧)، چونکە گوتاری سێکسی، لەسەر یەکگرتنی ڕۆحی نێوان دوو ڕەگەز کاردەکات، نەك تەنها کردەیەکی بایۆلۆژیی ڕووت بێت (ژن و پیاو کاتێك بەیەکدەگەن لە ئاستی ڕۆحیدا جۆرە یەکگرتنێکی ڕۆحی دروستدەکەن، ئەم یەکگرتنە تا کۆتایی ژیان بەردەوام دەبێت، کە هۆکاری نەمرییە). سەرچاوەی پێشوو، ١٩٩

وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، سێکس و ئیرۆتیك پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە بابەتە ئەدەبییەکانەوە هەیە، ئەم ئاڕاستەیەش، لە ئەدەبی هەموو گەلاندا بوونی هەیە، بەڵام لە چەمك و پێناسەیاندا جیاوازن. «سێکس وەك غەریزەیەکی مرۆڤیی، چەندین پێناسەی جۆراوجۆر دێتەکایەوە. ئارەزووی سێکسی Libido پرۆگرامێکی دیاریکراوە لە جەستەی مرۆڤ و گیانەوەردا هەیە، کە بەردەوام ئامانجی پارێزگاریکردنە لە جۆر، چونکە هیچ کەسێك فێری باڵندەو ماسی و ئاسك و پشیلەی نەکردووە، کە هەندێکجار ئەو کردارە ئاڵۆزانە بکەن، کە پێویستن بۆ بەدەستهێنانی جووتبوونی سێکسی، پرۆگرامی ئەم کارانە لەڕێگای کۆدی بۆماوەیی تایبەت بە ڕەمەك (غەریزە)ی سێکسییەوە دیاریدەکرێن. ئیرۆتیك باس لە حەزو ئارەزووە نهێنییەکان دەکات، تاوتوێی چێژی پەنهانیی ژیان دەکات، سنورە داخراوەکانی نێرو مێ دەشکێنێ و ژیانیان بەڕووتی پیشاندەدات، مارینا پێناسەی ئیرۆتیك دەکات و دەڵێت: دەربڕینێکی ناسکی تۆمارکراوە بۆ سێکس. کەواتە ئیرۆتیك هەست بزوێن و مەیل و حەزی سێکسی بە مرۆڤ دەبەخشێت. ئەمەش خاڵی جیاکەرەوەیە لەنێوان سێکس و ئیرۆتیکدا» (حەوێزی، سلێوە، ٢٠١٥، ١١)

بەکورتی، سێکس و ئیرۆتیك، لە دوو ئاستی جیاوازی ناو دەقی ئەدەبیدا دەردەکەون و هەریەکەشیان بەجۆرێك بەهاو کاریگەریی لەناو دەقە ئەدەبییەکەدا دەردەکەوێت، دواجار هەردووکیان پێکەوە دەتوانن گوتاری سێکسی لەناو دەقی ئەدەبیدا بەرهەمبهێنن.

٥/١ خۆشەویستی و گوتاری سێکسیی

بەدرێژایی مێژوو، خۆشەویستی وەك چەمکێکی ڕۆحیی مرۆڤ لەگەڵ سێکس و کردەی سێکسی و گوتاری سێکسیدا بەیەکەوە باسدەکرێن. لەمبارەیەوە دوو بۆچوون لەئارادان، یەکێکیان پێیوایە خۆشەویستی شتێکەو سێکس شتێکی ترە، واتە خۆشەویستی، کردەیەکی ڕۆحیی باڵایەو لە دەروونێکی باڵاوە سەرچاوەدەگرێت، بەڵام سێکس کردەیەکی ئاژەڵیانەیەو تەنها چێژێکی کاتی ڕۆڵی تێدا دەگێڕێت، بەڵام بۆچوونی دووەم پێیوایە، خۆشەویستی و سێکس، دوانەیەکی تەواوکەری یەکترین، پێکەوە دەتوانن گوتارێکی سێکسی لەناو دەق و لە

جیهانبینیی نووسەردا دروستبکەن.

خۆشەویستی، پێگەیەکی گەورەی لە ژیانی مرۆڤدا هەیە (دانتی DanTe بڕوای وابوو، کە تەنها خۆشەویستی خۆرو ئەستێرەکان دەجولێنێت و دەبێت دیاردەی خۆشەویستی لە ئاستە فراوانەکەیدا ببینین و تەنها لە پەیوەندیی دیاریکراوی نێوان نێرو مێدا چڕنەکرێتەوە، بەڵکو خۆشەویستی، زانست و هونەرو دایك و باوك و خوداناسێك و چەندین بابەتی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت). (أی غاست، ٢٠١٣، ٩)

کەواتە خۆشەویستی، کۆی شتەکانی ناو گەردوون دەگرێتەوەو وەك سێکس نییە، کە تەنها لە بوارێکی دیاریکراودا خۆیدەبینێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە بەشێکی کردە سێکسییەکان لە خۆشەویستییەوە سەرچاوەدەگرن، بەڵام هەموو خۆشەویستییەك نابێتە بنەما بۆ کردەی سێکسی.

کاتێك سەیری ئەم دیاردانە دەکەین لەناو کۆمەڵگادا، دەبینین بنەڕەتێکی بەهێزی دابونەریتەکانی ناو کۆمەڵگا دروستدەکەن و کار لە دەقی ئەدەبیش دەکەن، چونکە دەقی ئەدەبی، بەشێکە لە سیستەمی کۆمەڵایەتی (گومانی تێدا نییە وەك (رینیە ویلك) دەڵێت، ئەدەب بۆخۆی سیستەمی کۆمەڵایەتییە، زمان ڕۆڵی ناوەندگیری تێدا دەگێڕێت و داهێنراوێکی کۆمەڵایەتییە و ئەدەب نوێنەرایەتیی ژیان دەکات و ژیانیش ڕاستییەکی کۆمەڵایەتییە) (یسین، ٢٠٠٧، ٨١)

ئەم دیاردە پێکەوە گرێدراوەیە، وادەکات بتوانین لەناو دەقێکی ئەدەبیدا بۆ ژیان بە جوان و ناشیرینییەوە بگەڕێین، واتە دەکرێت لە یەك کاتدا، بۆ خوداو باوەڕ بگەڕێین و لە هەمان کاتدا بۆ سێکس و خۆشەویستی بگەڕێین، دەبێت کۆتایی بەو جۆرە تێگەیشتنە بهێنین، کە لەناو دەقی ئەدەبیدا تەنها لایەنێکی دەقەکە دەگرێت و لایەنەکانی تری پشتگوێدەخات.

«پۆڵ ریکوور گوتەنی: ئەدەب وەك شەشپاڵوو وایە، نابێت تەنیا گۆشەیەکی ببینین. ئاخر هەر یەکێك لە گۆشەکانی بەسەر بوارێکی زانیندا کراوەیەو بەرهەمی ئەدەبی ڕاستەڕێیەك نییە لەم سەریەوە بوەستین و ئەوسەریمان لێ دیار بێت. خاڵی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵێك ڕێگەیە، دەبێت هەموویان تاقی بکەینەوە، ڕەخنەگر ئەگەر شارەزای هەڵکۆڵینی دەق نەبێت و بەقووڵایی دەقدا ڕۆنەچێت، سەرنج و تێبینییەکانی لاواز دەبن». (حەسەن، ٢٠١٨، ٦٩)

ئەم بۆچوونەش دەرفەت لەبەردەم ڕەخنەگردا دەڕەخسێنێت تا بەتەواوەتی بەقووڵایی دەقدا ڕۆبچێتە خوارەوەو تەنها لە فۆرمی دەقدا نەمێنێتەوە، بەتایبەت ئەگەر مەبەستی شیعریی دەقەکە، خۆشەویستی بێت، پێویستە بە وردی ڕاڤەی هەموو ئەو لێکەوتە فەلسەفی و هونەری و دەروونی و کەلتوورییانە بکرێت، کە دەقەکەی لەسەر بونیادنراوەو دواجاریش ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە ئایا دەقەکە هەڵگری چ جۆرە گوتارێکە؟! بەتایبەتی دەرخستنی گوتاری سێکسی لەو جۆرە دەقانەدا ئەرکی ئەرکی ڕەخنەگرێکی سەلیقەدارو وردە.

## ٦/١ هۆکارەکانی دروستبوونی گوتاری سێکسیی

لەبەرئەوەی گوتار بریتییە لە یەکەیەکی پێکەوەگرێدراو و لەسەر کۆی جیهانبینیی نووسەرو شاعیر وەستاوە، کۆمەڵێك هۆکار ڕۆڵیان لە دروستبوونی گوتاردا هەیە، بەتایبەتی گوتاری سێکسی بەپێی تایبەتمەندییەکەی،

لەژێـر كاریگەریـی چەنـد پاڵنـەرو هۆكارێكـدا دروسـتدەبێت:

١. نامۆبـوون: نامۆبـوونی نووسـەرو شـاعیر یەكێكـە لـە هـۆكارەكانی دروسـتبوونی گوتـاری سـێكسی لـە ئەدەبـدا، بەتایبـەتی كاتێـك لـەوە دەگەیـن، كـە خـودی سـێكس بەشـێكە لـە ئـارەزووە خەفەكـراوەكانی مـرۆڤ، «لەبـارەی نامۆبوونـەوە، بۆچوونـە زانسـتییەكانی سـیگمۆند فرۆیـد گرنـگ و بەهـادارن، ئـەو پێیوایـە، نامۆبـوون ئاكامـی جیابوونـەوەی ئاگایـی (الشـعور)ە لـە نەسـت (لاشـعور)، ئـەوكات كەسـەكە لەژێـر كاریگەریـی ئـارەزووە خەفەكراوەكانیـدا ڕەفتـاردەكات». (قـادر، ٢٠٠٧، ١٦_١٧)

٢. تـرس لـە مـەرگ: سـێكس هـۆكاری مانـەوەی ڕەگـەزی مرۆڤـە، هەربۆیـە تـرس لـە مـەرگ و كۆتایـی ژیـان وا لـە مـرۆڤ دەكات، بـیر لـە ئەنجامـدانی ئـەم پرۆسـەیە بكاتـەوە. واتـە تـرس لـە مـەرگ و حەزكـردن بـۆ ژیـان پاڵنـەری سـەرەكیی بەرهەمهێنـانی گوتـاری سێكسـییە لای شـاعیر. وەك پێشـتریش ئاماژەمـان پێكـردووە، سـێكسی تەندروسـت كردەیـەكی ڕۆحییـە/ ڕۆحیـش جەسـتە دەكاتـە ماددەیـەكی بەهـادار. «هـەر لەسـەر بنەمـای ئـەم ڕوانگـە فەلسـەفییە، گـەردوون لای ئەفلاتـون لـە ڕۆح و جەسـتە پێكدێـت، كـە تـەواو جیـاوازن و پێیوایـە كـە:

**- جەستە هەورێكەو ڕۆح نەبێ نابێتە حەقیقەت**

**- جەستە ماددەیە، ڕۆح جوڵەو گیانی پێدەبەخشێت**

**- ماددە بێگیانە، ڕۆح، گیانداری دەكات**

**- ڕۆح تاكە شتێكە بەهای هەیە«. (عوسمان ، ٢٠١٥، ١٠٩)**

كەواتـە یەكێـك لـە هـۆكارەكانی زەنوێركردنـەوەی ڕۆحـی مـرۆڤ، سێكسـەو هۆكارێـكی دیـاری دروسـتبوونی ئـەو گوتـارە سێكسـییەیە، بۆیـە لای شـاعیر، تـرس لـە مـەرگ و ژیاندۆسـتییە.

٣. بـاری دەروونیـی نووسـەرو شـاعیر: دۆخـی دەروونیـی مـرۆڤ، كاریگەریـی گـەورەی بەسـەر ڕەفتـارو ڕەوشـت و بیركردنـەوەی مرۆڤەكانـەوە هەیـە. دەروونێـكی تەندروسـت هاندەرێـكی سـەرەكییە بـۆ ڕەفتـارو بیركردنـەوەی تەندروسـت و پێچەوانەكـەشی ڕاسـتە. پەیوەندییـەكی وردو قـووڵ و زینـدوو لەنێـوان بـاری دەروونیـی مـرۆڤ و كردەی سێكسـیی مرۆڤـدا هەیـە، ئەم دوانـەش پێكـەوە كاردەكـەن لەسـەر دروسـتكردنی گوتـاری سـێكسی لای شاعیرو نووسـەر، چونكـە ئەگـەر سـێكس وەك كردەیـەكی فسـیۆلۆژیی بمێنێتـەوە، ناتـەواوە (ئەزمـوونی سـێكسی سـەرەتایی (كـۆن) تەنهـا لەسـەر ئاسـتی فسـیۆلۆژیی دەمایـەوە، بۆیـە ئەزمـوونی سـێكسی تەواوەتییـان نەدەكـردو هەرگیـز ڕۆنەدەچوونـە قووڵاییـەوە). (أوشـو، ٢٠١٤، ١٩٤)

٤. یاخیبـوون: سـەرەكیترین هـۆكاری بەرجەسـتەبوونی گوتـاری سـێكسی لای نووسـەرێك، یاخـود شـاعیرێك، دەگەڕێتـەوە بـۆ بـیری یاخیبـوون لای نووسـەر. نووسـەرێك نایەوێـت بەپێـی ئـەو بنەمـاو ڕێسـایانە بـڕوات، كـە دەوڵـەت، یاخـود ئایـن، یـان دابونەریتـی كۆمەڵـگا بـۆی دیاریكـردووە. ئەمـەش وادەكات نووسـەر هەوڵـی بەرهەمهێنـانی بـیری نـوێ و گوتـاری نـوێ بـدات. گوتـاری سـێكسی لەنـاو كۆمەڵـگاو نووسـین و دەقـی ئەدەبیـدا، جۆرێكـە لـە دیاردەیـەكی نـوێ، كـە سـەرچاوەكەی، یاخیبوونـە، چونكـە یاخیبـوون كاردەكات لەسـەر ئـەوەی دیـاردە نـوێ و نامـۆكان بـە ژیـری گشـتی، بەرجەسـتەبكات (فەلسـەفەی یاخیبـوون بەشـێوەیەكی بـەردەوام لەنێـوان دوو دوانـەی دژ بـە یەكـدا

دەوەستێت، بۆ نموونە لەنێوان دوانەی بەردەوامی دۆخی باو و گۆڕانکاریی لە دۆخی باودا، چەقبەستوویی و شۆڕشکردندا، قبووڵکردنی ڕەهاو ڕەتکردنەوەی ڕەهادا، بەڵام هەرگیز یاخیبوون دەرگاکە بەتەواوەتی داناخات، ئەم وەستانەی یاخیبوون لەنێوان دوانە دژ بەیەکەکان لە ژیاندا، واتای وەستانێکی وشکی بێ جووڵە نییە، بەڵکو جووڵەیەکی بەردەوامی تێدایە). (العزب، ب.ت، ١٠_١١)

کەواتە گوتاری سێکسی، جووڵەیەکی بەردەوام دەدات بە دروستکردنی دۆخێکی نوێ لەناو کۆمەڵگاداو شاعیر لەڕێگەی بەرهەمهێنانی ئەمجۆرە گوتارەوە دەتوانێت دیاردەیەکی نوێ، یاخود بیرکردنەوەیەکی نوێ لەڕێگەی نووسینەکانیەوە دروستبکات.

## ١/٢ پێگەی شێخ ڕەزای تاڵەبانی لەنێوان داشۆرین و گوتاری سێکسیدا

کاتێك باسی مەبەستی داشۆرین دەکەین لە ئەدەبی کوردیدا، ڕاستەوخۆ بیرمان بۆ لای دەقەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی دەچێت. ئەمەش هۆکارە بۆئەوەی، تێکەڵکردنێکی نازانستی لەنێوان داشۆرین و گوتاری سێکسیدا هەبێت، چونکە هەموو ئەو دەقانەی شێخ ڕەزا، کە باسی سێکس، یاخود ڕەگەزی مێ، یان ئەندامەکانی جەستەی ژن دەکەن، خراونەتە چوارچێوەی مەبەستی داشۆرینەوە لای شاعیر.

«لە هەجوو و داشۆرینی ڕەگەزی مێینەدا عەشیرەتەکانی جەباری و داوەدو کاکەیی و هتد لە داشۆرینی شارەکانیشدا کۆیەو کەرکوك و سلێمانی و قەڵادزێ و سنە ...هتد هەن» (سەعید، ٢٠٠٩، ٤٣)

«یاخود بەمەبەستی وروژاندنی بەرامبەرو چاوەڕوانکردنی وەڵام یان پەردە هەڵماڵین لە هەندێ بابەت و ئەندامی لەشی داشۆراو وەك ئەوانەی جێی شەرمن و بۆ ناوهێنانیان ئەوەندە بە ئاشکرا ئاسان و لەبار نین» (سەرچاوەی پێشوو، ٤٣)

ئەمجۆرە تێکەڵکردنە، گرفتێکی زانستی دروستکردووە بۆ ڕاڤەکردنێکی دروست بۆ ئەو جیهانبینییە تایبەتییەی شاعیر کاری بۆ کردووە.

**موسوڵمانان، موسوڵمانان، موسوڵمانی، موسوڵمانی**

**هەتیوێکم ئەوێ خەڵکی سولەیمانی، سولەیمانی (دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، شوکور مستەفا، ٢٠١٠، ٢١١)**

ئەگەر سەرنجی ئەو دێڕە شیعرە بدەین، بە ئاشکرا هەست بە بەشێك لەو گوتارە سێکسییە دەکەین، کە شێخ ڕەزا کاری لەسەر کردووە. تووڕەیی و ڕق بەرامبەر بە شارێکی تر، کاردانەوەی دەروونیی لای شاعیر دروستدەکات تا بۆ ئەنجامدانی کردەی سێکسی پەنابەرێتە بەر:

أ_ خەڵکی شارێکی تر، نەك شارەکەی خۆی.

ب_ ڕەگەزی نێر، نەك مێ.

ج_ بەکارهێنانی زاراوەی هەتیو لەجیاتی (نێر_کوڕ).

هەموو ئەوانە پێماندەڵێن، کە ئەم تێڕوانینەی شاعیر لە تووڕەبوونەوە سەرچاوەیگرتووەو دەیەوێت بەم هۆیەوە گوتارێکی جیاوازتر لە گوتاری باو دروستبکات.

یاخود دەڵێت:

**خواستم لە کوڕی حاجی بەکر کۆنە دوکانێ**

**بۆ تەجرەبە نەیدایە من و دای بە دیانێ (سەرچاوەی پێشوو، ٢١٠)**

هەرچەندە لەو دێڕە شیعرەدا هونەری (پۆشین) هەیە، کە کار لەسەر دەرخستنی واتای دوورو نزیکی وشەکە دەکات، بەڵام بەهەمان شێوە دەتوانین بڵێین، شاعیر بەهۆی جەختکردنەوە لەسەر هەمان دیمەنی سێکسی و لەگەڵ هەمان ڕەگەزدا، دەیەوێت پەرە بەو گوتارە سێکسییە ناباوە بدات، کە لە کۆمەڵگاکەیدا نییە. لەم دێڕە شیعرەدا، شاعیر بۆ ئەنجامدانی کردە سێکسییەکەی، پەنادەباتەوە بەر ڕەگەزی نێرو نیگەرانە لەوەی، کوڕەکە کردەی سێکسی لەگەڵ نەکردووەو داویەتی بە کەسێکی (فەلە)، ئەمەش وەك نەنگی و عار وێنادەکات و کارەکەی خۆشی، تەنها وەك ئەزموون سەیردەکات. شوورەیی کردەوەکە لای شاعیر لە ئەنجامدانی کارەکەدا نییە، بەڵکو لەوەدایە، کە بکەری کارەکە (فەلە)یە، نەك موسوڵمان.

کەواتە شاعیر بەپێی بارودۆخی تایبەتیی ژیانی خۆی و تێگەیشتن لە ڕووداوەکانی دەوروبەری، شیعرەکانی دارشتووەو دانانی ئەمجۆرە شیعرانەی بە داشۆرین و بەبێ ڕاڤەکردنێکی زانستانە بۆی، نەگونجاوەو ناتوانین لە جیهانە مەبەستدارەکەی شاعیر تێبگەین. "بۆیە بە داخەوە ئەڵێم ئەو بابەتانەی لەسەر شیعری شێخ ڕەزا نوسراون، بەشێکی کەمیان نەبێت، نەگەیشتوونەتە ڕادەی دەربڕینی مەبەستی ڕاستەقینەی شاعیر، ئەمەش بەبێ هۆ نییە، چونکە ڕوونکردنەوەی هەر ڕووداوێك، یان مەبەستێك، پێویستی بە ئاگاداربوون و شارەزایی هەیە لە بارودۆخی زاتی و مەوزوعیی کەسی پێوەندیدار بەو ڕووداو و مەبەستەو ئەو سەردەمەی تیا ژیاوە". (چەند نووسەرێك، ٢٠١٠، ٧١)

شاعیر هەموو ئەو شیعرانەی بەمەبەستی گەیاندنی پەیامی تایبەتیی خۆی نووسیوەو هەڵەیەکی زانستییە بەبێ ڕاڤەکردنی هەر شیعرێك، باسی جەستەو کردەی سێکسیی، بخەینە ڕیزی مەبەستی داشۆرینەوە. هەرچەندە تەواوی ڕەخنەگران جەخت لەسەر ڕەهەندی داشۆرین دەکەنەوە، بەڵام هەندێکی تریان قووڵتر لە بابەتەکە دەڕوانن، کە ئەم بابەتە دەبەستنەوە بە باری دەروونیی شاعیرو ڕازاندنەوەی شیعرەکانیشی بە شێوازێکی تایبەت بە (قەناعەت پێهێنانی جوانیگەرانە) ناودەنێن، بەتایبەت لەو کاتانەدا بە وتەی ڕەخنەگرانی پێشوو، کە دەیەوێت هەجووی خزمە نزیکەکانی خۆی بکات. یەکێك لەو دیاردە گرنگانەی لە هەجووی _شێخ ڕەزا_دا بەدیدەکرێت، ئەو کۆششە تایبەتییەیە، کە جگەلە بەدیهێنانی ئەرکی جوانیگەری و تێرکردنی خوێنەر بە وێنەی شیعریی، بە تەواوی تازەو سەرنج ڕاکێشن. بڕوانە: (قەرەداخی، ٢٠٠٩، ٣٤)

**خواستم کە بڕۆم بۆ سەفەری ڕۆم بە سیاحەت**

**نەی هێشت و دوو سەد ئەهلی عەمامەی لەسەرم کرد**

**دانیشێ با نەچێ من کچی خۆم مارە دەکەم لێی**

**ئەو تاڵیی دنیایە ئەوا موعتەبەرم کرد**

**جووسا لەبەرم جوببەو فێسا لەبەرم فێس**

**نە فێسی لەسەرم ناو نە جوببەی لەبەرم کرد (قەرەداخی، ٢٠٠٩، ٣٤)**

لەم شیعرەدا، شاعیر کۆی کێشەکانی لەگەڵ (مام)یدا، دەبەستێتەوە بە بابەتی پێنەدانی کچەکەی و بابەتەکانی تری وەك کردنەسەری (فێس)و لەبەرکردنی (جبە) لە مەلایەتی، شتێکی لاوەکین، چونکە شێخ ڕەزا وەکو زانایەکی ئایینیی دیار بوونی خۆی هەبووەو کەس نەیتوانیوە ڕێگەی لێبگرێت، بەڵام بابەتە سەرەکییەکەی شاعیر، بابەتی هاوسەرگیرییەکەیەتی، بۆیە جارێکی تر بۆمانڕووندەبێتەوە بنەمای گوتارە سێکسییەکەی شاعیر لە چییەوە سەرچاوەیگرتووە.

دەتوانین ئەوە بخەینەڕوو، بەشێك لەو شیعرانەی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، کە وەك مەبەستی داشۆرین دانراون، دەچنە خانەی تەواوکاریی گوتارە سێکسییەکەی شاعیرەوە. بۆ ئەمە، شاعیر تەواوی توانای خۆی لە بواری جوانناسیی دەقەکاندا خستووەتەڕوو و کۆی ئەو وشەو زاراوانەی، لە کردەی سێکسیدا بەکاردەهێنرێن، ئەو بەکاریهێناون و هێزو بەهای شیعریی تایبەتی پێبەخشیون، بۆیە دەتوانین بڵێین، جیاوازتر لە بەکارهێنانی ڕۆژانەی ئەو وشانە، شاعیر سەرکەوتووانە ئەم کارەی ئەنجامداوە.

## ٢/٢ جەستە لە گوتاری سێکسیی شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا

جەستە لایەنی ماددیی هەموو بوونەوەرێکە. بوونەوەرەکان بەهۆی جەستەیانەوە لە گەردووندا شوێن و پێگەیان دیاریدەکەن. هەروەها لە کردەی سێکسدا جەستە ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت، بەڵام جەستە بۆ مرۆڤ گرنگ نییە، ئەگەر لایەنی ڕۆحی لەگەڵدا نەبێت، واتە بەهای جەستەو بەهای ڕۆح، وەك یەکدی گرنگن «فەیلەسوفانی وەك سپینوزاو دیکارت داوای یەکگرتنی نێوان ڕۆح و جەستە دەکەن لە مرۆڤدا» ویزە غالاز، istighrad.licss.iq

شاعیران لە دەقی ئەدەبیدا گرنگیی زۆر بە بابەتی یەکگرتنی جەستەو ڕۆح دەدەن، بەتایبەتی ئەو شاعیرانەی لەبابەتە سێکسییەکاندا دەنووسن و بەدیاریکراویش شاعیرێکی وەك شێخ ڕەزا، کە زۆر باش ئاگاداری لایەنی جەستەیی و ڕۆحیی مرۆڤە، هەمیشە لەم بابەتەدا زۆر هونەرمەندانەو لە ڕەهەندێکی بیریی وردەوە کاری لەسەر مرۆڤەکانی دەوروبەری کردووە، چونکە ئەو یەکێکە لەو شاعیرانەی، مرۆڤ وەکخۆی دەبینێت بە جوانی و ناشیرینییەکانییەوە، هەروەها لەڕووی جەستەیی و ڕۆحیشەوە.

**بۆ مەستی ئەفەندی**

**دەستێکی هەیە (مەستی) ئەفەندی لە کەرەمدا**

**میهمانی عەزیزی هەیە دائیم لە حەرەمدا**

**ئەلحەق ژنەکەی موشفیقە دەرحەق بە غەریبان**

**سەد گانی بە ڕۆم دا وو هەزاری بە عەجەم دا**

**هێند کێری هەتیوانی بە کووزدا چووە داکی**

**دەستێکی شکابوو بەمناڵی لە شکەمدا**

**بەر زەربەتی کام کێری قەوی کەوتووە ئاخۆ**

**بەو دەردە چووە ساعیدی (مەستی) لە ڕەحەمدا**

**حەققا کە (مەجیدی) کوڕی زۆر تەبعی جەوادە**

**سەد گانی بە یەك لەحزە بەبێ پوول و درەم دا**

**گەوادو تەرەس، مولحید و بێ دین و مونافیق**

**مورتەددە، نییە میسلی لە مسقۆف و عەجەمدا**

**بۆ سەددی ڕەهی (مەستی) وەکو تەپڵی سکەندەر**

**ئاوازی دەهۆڵی کوزی داکی لە حەرەمدا**

**ئەو کێرە زلەی کێ بوو لە کێلانی فەتاح بەگ**

**مشتێکی کوتایە کوزی، مشتێکی لە دەم دا (دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، شوکور مستەفا، ٢٠١٠، ٣١_٣٢)**

شێخ ڕەزا لەم شیعرەدا نزیکەی (٢٠) جار باس لە جەستەی کەسەکان و ئەندامانی سێکسکردن لای ژن و پیاو دەکات. لەم ڕێگەیەوە شاعیر توانیویەتی پەیامی گوتارە سێکسییەکەی بەشێوەیەکی هونەرمەندانە برازێنێتەوەو کاربکات لەسەر دروستکردنی چێژێکی هونەریی لە دەقەکەداو دروستکردنی وێنەیەکی سێکسیی هونەریی لەنێوان دوو ئەندامی بەهێزی سێکسکردن لای ژن و پیاو. ئەو لەڕێگەی دەرخستنی بەهێزیی ئەندامەکانی سێکسکردن، وێنەیەکی جیاوازی سێکسکردنی دروستکردووە، بەوەی لەم شیعرەدا باس لەوە دەکات، ژنێك لە یەك کاتدا (١٠٠) جار سێکسی لەگەڵ ڕۆمەکاندا کردووە. (١٠٠٠) جاریش لەگەڵ عەجەمەکاندا سێکسی کردووە. شاعیر بەمەبەست ناوی (ڕۆم و عەجەمەکان) دێنێت، چونکە هەردووکیان لە دوژمنە سەرسەختەکانی کوردن. هەروەها شاعیر باس لە ئەندامی نێرینەی هەتیو (کوڕی بێ باوك) دەکات. شاعیر جەستەی ژنی نەیارەکەی وەك کەرەستەی لێدانی بەکاردێنێت، نەك بیەوێت (ژن) بشکێنێت، ڕەنگە ئەمە لەوەوە سەرچاوەیگرتبێت، کە لەناو کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا ژن وەك شەرەفی پیاوان سەیردەکرێت. گرفتەکەی شاعیر لەوەدایە، ناوی کەسەکان دێنێت، ئەگینا کۆی دەقەکە تەنها پیشاندانی وێنەیەکی هونەریی سێکسییەو بە زمانی باوی ئاخاوتن دەربارەیان دواوە.

یاخود دەڵێت:

**گەرچی ڕیشم چەرمگ و دندانەکانیشم کەلە**

**کێرەکەی مردوومراوم ئێستەکەش هەروا بەلە**

**من سەدی وەك تۆم لە جێ گاوە کەچی ئێستا ئەتۆ**

**پیرو ئیفتادە (ڕەزا) یە کێرەکەی بۆچی شلە (سەرچاوەی پێشوو، ١٦١)**

شاعیر پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان (جەستەو سێکس) دا دەخاتەڕوو. ئەو وێنەیە پیشاندەدات، کە پیریی، ناتوانێت کۆتایی بە توانای سێکسیی ئەو بهێنێت. لای شاعیر، پیر بوون و پەککەوتن کارناکەنە سەر

ئەنجامدانی کردەی سێکسیی لای ئەو، هەروەها شانازی دەکات بەوەی لە ڕابوردوودا توانیویەتی زۆر بەبەهێزی، کردەی سێکسی ئەنجامبدات. ئەگەر سەرنجبدەین، لە ئەزموونی شیعریی ئەودا بابەتی بەهێزیی ئەندامی نێرینەو توانای لەڕادەبەدەری بۆ ئەنجامدانی کردەی سێکسی، پانتاییەکی گەورەی داگیرکردووەو لە بەشی زۆری دەقەکانیدا جەخت لەو وێنەیە دەکاتەوە.

کەواتە جەستە لە گوتاری سێکسیی شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا، پێگەی تایبەت بە خۆی هەیەو بەردەوام بە هێز ئەندامەکانی جەستەی خۆی وەك هێمای ئەنجامدانی کردەیەکی سێکسیی بەهێز دەردەخات.

## ٣/٢ وێنەی مێ لە گوتاری سێکسیی شێخ ڕەزادا

بەشێوەیەکی گشتی، مێ لە گوتاری سێکسیی شاعیردا، ئامادەبوونێکی بەرچاوی هەیە. ئەم بابەتە لەسەر ئاستی جیاواز دەردەکەوێت. ئاستی یەکەمی، وەك هەر شاعیرێکی تری کلاسیك، لە وێنەی شاعیرێکی (عاشق) دا دەردەکەوێت و لە ئاستێکی هونەریی بەرزدا جوانترن وێنە هونەرییەکانی بۆ ئەم مەبەستە شیعرییە تەرخانکردووە، چونکە شاعیر شارەزاییەکی زۆری لەبواری هونەری ڕەوانبێژیدا هەبووە «شێخ ڕەزا چاك بەم لایەنە دەزانیت و بە وەستایی دەیخاتەکار بۆ خزمەتی شیعرەکەی و دەستێکی باڵا دەنوێنێ، داهێنانێکی سەیر دێنێتەکایەوەو لەم لایەنەشەوە بە سوارچاکییەکی شەنگ و شۆخەوە ئەسپی خۆی تاودەدات و وێنەی هونەریی جوان و جۆراوجۆرو سەرنج ڕاکێشی وا دروست دەکات کە مەگەر هەر لە توانای خۆیدا بێت» (تاقانە، ٢٠١٠، ٢٣٨)

**ڕۆژێ نەبوو ئەم دلبەرە بێ ڕەحمە وەفا کا**
**جارێ نەبوو ئەم کافرە شەرمێ لە خوا کا**
**حیرانن ئەطیببا لە عیلاجی مەرەزی من**
**لوقمانی ویصالت مەگەر ئەم دەردە دەوا کا**
**کارێ کە غەم و دەردی فیراقت بە منی کرد**
**سەرما بە هەتیو، با بەدەواری شڕی ناکا**
**دیوانەیە شەخصێ کە لە غەیری لەبی لەعلی**
**وەك شاهی سکەندەر تەڵەبی ئاوی بەقا کا**
**تاب و تەبی ئاتەشکەدەییی هیجری وەکو شەمع**
**نزدیکە منیش واریدی سەحرایی فەنا کا**
**لەم ڕێگەیە تەقدیری ئەزەل وابوو کە ئێمە**
**پامالی جەفا بین و ڕەقیب سەیرو صەفا کا**          **(شێخ ڕەزای تاڵەبانی، موکەڕەم تاڵەبانی، ٢٠١٠، ١٦٥)**

شاعیر لەو شیعرەدا وەك هەموو شاعیرە کلاسیکییەکانی تر توانای خۆی لە بەکارهێنانی هونەرە ڕەوانبێژییەکاندا بەکارهێناوە، هەروەها هەمان پەیامی عەشقی مرۆڤانەی خۆی، ئاوێتەی عەشقی ئیلاهی کردووە. کەواتە

شێخ ڕەزا تەنها کاری نەکردووە لەسەر ئەوەی، وەك پیاوێك چێژ لە جەستەی ژن وەربگرێت. ڕەنگە ئەمە بەشێك بێت لە نەریتی نووسینی شیعری کلاسیکی، کە تەنها لەپێناو مەبەستی شیعریدا نووسرابن، نەك بەشێك بن لە جیهانبینیی شاعیر، چونکە زۆرێك لە شاعیرەکان عاشق نەبوون، بەڵام جوانترین شیعریان بۆ ژن نووسیوە «موتەنەبی دەڵێت: خۆشەویستی چالاکیی دەروونێکی پووچە، هیچ کەژاوەیەك ژنێکی وای تێدا نییە، شیاوی ئەوە بێت، لەپێناویدا خۆم بە کوشت بدەم» (حەسەن، ٢٠١٨، ٢٣٣)

لەبەرامبەریشدا زۆرجار شاعیر لە ڕەهەندی عەشقێکی باڵاوە شیعر بۆ جوانیی ژن دەنووسێت وەك سەرچاوەی ئیلهام بەخشی شیعریی خۆی سەیریدەکات «عیشق ئەوەندە سەرنج ڕاکێشە، ژن ئەوەندە جوانە، شاعیری بلیمەت بەبێ هەبوونی چیرۆکێکی ئەویندارى، دەتوانێت جوانترین شیعری دڵداری بنووسێت، شیعرێك تێیدا هەست بە گەرمیی کڵپەی سۆزی عاشق کەین» (حەسەن، ٢٠١٨، ٢٣٣)

کەواتە دەکرێت ژن یەکێك لە بەهێزترین سەرچاوەکانی ئیلهام بەخشین بێت لای شاعیران، ئەمەش بۆ شاعیرێکی وەك شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ڕاست و دروستە.

شێخ ڕەزا دەیەوێت توانای هونەریی خۆی دەربخات لە وێناکردنی ژن وەك هۆکاری ئاسوودەیی مرۆڤ و هەروەها وەك کەرەستەی جوانی ڕازاندنەوەی دەقی ئەدەبی. بۆ نموونە دەڵێت:

**سەرو و نەی چین کە لەگەڵ قامەتی تۆ بێنە نەبەرد**
**شەکەری خواردووە نەی، سەرو، سەری داوە لە بەرد**
**گەر دەلیلی وەکو نوقطەی دەهەنت نەبوایە**
**منیش ئینکارم ئەکرد وەك حوکەما جەوهەری فەرد**
**لێی دەپاڕێمەوە ئەی ڕووحی ڕەوانم توخوا**
**چییە دەرمانی دڵم؟ پێم ئەڵێ: لاچۆ، دڵە دەرد (شێخ ڕەزای تاڵەبانی، موکەڕەم تاڵەبانی، ٢٠١٠، ١٦٧_١٦٨)**

ئەم ڕەهەندە لە وێناکردنی ژن لە شیعری شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا، ناچێتە چوارچێوەی بەرهەمهێنانی گوتاری سێکسییەوە، چونکە لەم جۆرە شیعرانەدا شاعیر دەیەوێت وەك هەر شاعیرێکی تر، ژن و باری دەروونیی ژن و تایبەتمەندییەکانی عاشقبوونی خۆی، باسبکات. لەم جۆرە شیعرانەدا، شاعیر کار لەسەر دەرخستنی ئەو یەکگرتنە جەستەیی و ڕۆحییە دەکات، کە شیعر پێویستی پێیەتی، بۆئەوەی کار لەسەر مرۆڤ بکات وەك خۆی بەدەر لە هەموو کاردانەوە دەرەکییەکانی تر لەسەر خەیاڵ و ویستی شاعیر.

ئەوەی لە ئەزموونی شیعریی شیخ ڕەزادا دەبێتە بنەمای گوتاری سێکسی، ئەو جۆرە وێناکردنە تایبەتەیە، کە شاعیر لە دەقە شیعرییەکانیدا دروستیکردوون، بەتایبەت وەك ئامێری سێکسکردن و میکانیزمی ئەو شەڕە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتوورییەی، کە شاعیر دەیەوێت لەگەڵ دەوروبەرەکەی و کۆمەڵگاکەی ئەنجامیبدات.

**یەکتری دەعوەت ئەکەن ئەهلی دیانەت بە قوزی**
**کوڕی مفتی بە قنگی خامی دایکی بە قوزی (دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، شوکور مستەفا، ٢٠١٠، ٢١٠)**

**من داكی هەزاری وەكوو تۆم گاوە بە فەردێ**

**نەتبیستووە زەربولمەسەلە (سەد قەل و بەردێ)        (سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٧)**

**حەرامزادەو داكی خۆگێ لەبەر تەكیە زۆرە**

**خلەو بلەو فشەگاڵتەو عەزە دەم بۆرە        (سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٣)**

لەو نموونانەی پێشوودا، شێخ ڕەزا وێنەی دایك بەشێوەیەكی جیاوازتر لە شاعیرانی پێش خۆی دەكێشێت. هەمیشە وێنەی دایك لە ئەدەبدا وێنەیەكی پیرۆزی هەیە، بەڵام لەم شیعرەدا شاعیر ئەركێكی سێكسی بە دایك دەسپێرێت، ڕاستە ئەو وێنەیە بۆ دایك لای شاعیر لە تووڕەبوونەوە سەرچاوەیگرتووە، بەڵام دواجار بووەتە بەشێك لەو گوتارە سێكسییەی، شاعیر لە ئەزموونی شیعریی خۆیدا كاری لەسەر كردووە.

شاعیر لە بەشێك لە دەقەكانیدا، تەنها وەك ئامێرێكی سێكسكردن سەیری ژن دەكات، بۆ ئەمەش پەنادەباتە بەر زمانی ئاخاوتنی باو، بەڵام هەوڵدەدات لەڕێگەی خەیاڵێكی شیعریی و بە بەكارهێنانی وێنەی هونەریی، كە لە ئەدەبی كوردیدا بە داهێنراوی خۆی دادەنرێت، ئەو دیمەنە سێكسییانە بەرامبەر بە ڕەگەزی مێ بكێشێت تا ئەو ڕادەیەی، لە جەستەی پیاویشدا وێنەی ئەندامی زاوزێی مێینە دەبینێت.

پێم مەڵێن ئەم دوو ژنەت بۆچییە تۆ شێخ ڕەزا

شوكری بۆ تەسك و ترووسكی وو جەمیل بۆ زگ و زا    (دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، شوكور مستەفا، ٢٠١٠، ١٧٥)

**من نە نانم خواردووە ئەمڕۆ، نە گانم كردووە**

**وەك ژنی سەر كاسە یاران بۆچی ژانم كردووە        (سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠)**

**لێرە گایان ژنەكەی مەستی ئەفەندیی بەسرە**

**ئێستە بۆ بەسرە دەچێ بەعدە خەرابولبەسرە**

**هێندە گەووادە گەر ئەولادی لەپێش چاوی بگێی**

**ڕیشی ڕادەگرێ كە ها كێرو گونی پێ بسڕە        (سەرچاوەی پێشوو، ١٢٥)**

**حەسەن كەنۆشەن، حەسەن كەنۆشەن**

**نینە كناچەی حەسەن كەنۆشەن**

**كەللەش شڵەقیاو ناوگەڵش بۆشەن**

**كونای قیرینش دایم وە جۆشەن        (سەرچاوەی پێشوو، ٨٩)**

لەو شیعرەدا ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت، شاعیر زۆر جەختدەكاتەوە لەسەر ئەندامی زاوزێی ژن، بەم

پێوەرە بێت، یان تەنها بۆ تێرکردنی ئارەزووە سێکسییەکانی پیاوە، یاخود بۆ ئەوە خستنەوەیەو هەندێک جاریش بۆ شکاندنی شکۆی پیاو و خێڵ و کۆمەڵگاکان، هەربۆیەش ئەم دیمەنە لە بەشێک لە شیعرەکانی شاعیردا دەردەکەوێت و دەبنە لایەنێک لە گوتاری سێکسیی شاعیر. هەرچەندە لەچاو باسکردن لە ڕەگەزی نێر وەک ئامێری سێکسکردن کەمتر لای لە ڕەگەزی مێ کردووەتەوە. شێخ ڕەزا زیاتر شەڕی لەگەڵ (نێر)دا هەبووە وەک ڕەگەزی شەڕو زوڵمکردن و چەوساندنەوە، بۆیە شاعیر دوای سێکسکردن لەگەڵ ڕەگەزی نێردا، ئنجا سێکسکردنی لەگەل ڕەگەزی مێدا بیردەکەوێتەوە.

**موددەتێکە نێربازی و ئێستە مەیلی مێ دەکەم**

**ئارەزووی گانی کچێکی کوز پڕی دەرپێ دەکەم (دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، شوکور مستەفا، ٢٠١٠، ١٨٥)**

لە تێکڕای ئەو بۆچوونە سێکسییانەی شاعیر دەربڕیوون، ئەم دێڕە شیعرەی جیاوازترە، چونکە لێرەدا لەنێوان هەردوو بۆچوونی پێشوودا دەوەستێت، واتە لێرەدا شاعیر نە وەک شاعیرانی کلاسیک باس لە جوانی و عەشقی ژن دەکات، نەک تەنها وەک ئامێری سێکسکردنیش وێنایدەکات، بەڵکو ئارەزووی تەواوەتی خۆی بۆ ئەنجامدانی پرۆسەیەکی سێکسیی تێروتەسەل و بە تامەزرۆ ئەنجامدەدات، واتە شێخ لەبارەی ڕەگەزی (مێ) وە لەسەر سێ ڕەهەندی جیاواز دەوەستێت. ڕەهەندی یەکەم، ڕەهەندێکی هونەرییانەی کلاسیکییانەیە، کە هەوڵدانە بۆ بینینی ژن وەک هەر شاعیرێکی تری کلاسیک. ڕەهەندی دووەمیش، سەیرکردنی ژنە تەنها وەک ئامێرێکی سێکسکردنی ڕووتی بێ ڕۆح. ڕەهەندی سێیەمیش، بریتییە لە وێناکردن و دەربڕینێکی تامەزرۆیانە بۆ سێکسکردن لەگەڵ ڕەگەزی (مێ)دا، بۆیە دەتوانین بڵێین شاعیر هەردوو ڕەهەندی دووەم و سێیەم بۆ تەواوکردنی گوتارە سێکسییەکەی بەکاردەهێنێت، کە ئەزموونێکی تایبەتەو لە ئەدەبی کوردیدا ئەو بەتەنها خاوەنی ئەمجۆرە گوتارە تایبەتییەیە.

## ٤/٢ وێنەی (نێر) لە گوتاری سێکسیی شێخ ڕەزادا

پەسنکردنی نێر لە دەقی ئەدەبیدا مێژوویەکی دووردرێژی هەیە، بەجۆرێک هەم لە دەقە ئەدەبییە کۆنەکان و هەمیش لە ئەفسانە و داستان و کتێبە ئاسمانییەکاندا بوونێکی بەرچاوی هەیە، تەنانەت لە قورئاندا وشەی (غیلمان) بەرامبەر بە کوڕی جوان و گەنج بەکارهاتووە، تەنانەت لەکاتی باسکردنی دیمەنەکانی بەهەشتدا جەختکراوەتەوە لەسەر وشەی (غیلمان)، بۆ نموونە لە قورئاندا هاتووە: «وَيَطُوفُ عَلَيْهِمْ غِلْمَانٌ لَهُمْ كَأَنَّهُمْ لُؤْلُؤٌ مَكْنُونٌ» سورة الطور، اية (٢٤)/ «وَيَطُوفُ عَلَيْهِمْ وِلْدَانٌ مُخَلَّدُونَ» سورة الأنسان، اية (١٩)، / «طُوفُ عَلَيْهِمْ وِلْدَانٌ مُخَلَّدُونَ» سورة الواقعة، اية (١٧). واتە پەسنکردن و وێناکردنی ڕەگەزی نێر وەک دیارییەکی جوانی خودایی لە مێژووی ئایینەکانداو بەتایبەتی لە ئایینی ئیسلامدا شتێکی نامۆ نییە، هەر ئەمەش وایکردووە، کە لەناو ئەدەبدا ئەم بابەتە ڕەنگبداتەوەو لای هەندێک شاعیر وەک کەرەستەی دەقی ئەدەبی بەکاربهێنرێت.

واتە ئەم بابەتە لە ئەدەبی ڕۆژهەڵاتیدا ڕەگێکی مێژوویی هەیە «دیاردەی ئەویندارى لەگەڵ کوڕانی نەوجەوان لە سەدەی نۆ تا سەدەی نۆزدەهەم لەبرەودایەو شاعیران لە سەردەمی ئەبو نەواسەوە تا

سەدەکانی دواتر غەزەلی زۆریان بۆ ڕەگەزی نێر نووسی. لەو ڕوانگەوەی کتێبی ئەدەبی هاوکات بە نیگار دەڕازێنرێتەوە. زۆرێك لە وێنەکێشەکان دەستیان دایە وێنەکێشانی ئەم کوڕانە. بەتایبەتی بۆ چینی باڵا، کە بابەتی کوڕدۆستی بەهۆی دەربارەوە لەناویاندا باوبوو، وێنەی ئەم کوڕانە لە دەرباری شاعەباسدا زۆر بوون. وێنەکێشەکان لە سەدەی حەڤدەو نۆزدەهەمدا گرنگیی زۆریان بە تابلۆی کوڕانی مەیگێڕ دەداو وێنەی ئەوانە بەشێك لە منیاتۆری ئێران پێك دەهێنن» ثروت عکاشە، نیگاگری ئیسلامی، وەرگێراوە لە (کەسنەزانی، ۲۰۱۹، ۲۰۲)

کۆمەڵێك هۆکار ڕۆڵدەبینن لە بوونی ئەم دیاردەیە لای هەر شاعیرێك، یاخود ئەدیبێکی دیاریکراو، لەوانە:

١. بەکارهێنانی ڕەگەزی نێر وەك میکانیزمی تۆڵەکردنەوە لە نەیارەکانی.

٢. باری دەروونیی شاعیرو هەڵچوونە دەروونییەکانی شاعیر.

٣ دابونەریتی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاکان، هۆکارێکی دیاری بوونی ئەم بابەتەن لە ئەدەبدا.

٤. حەزو ئارەزووی تایبەتیی ئەدیب ڕۆڵ لەم بوارەدا دەگێڕێت و تەنانەت پێکهاتەی بایۆلۆژیی کەسەکانیش بە یەکێك لە هۆکارەکان دادەنرێت.

٥. لە هەندێك باردا شاعیرانی کلاسیك تەنها وەك هەر مەبەستێکی تری شیعریی، لایان لەم بابەتە کردووەتەوە.

بابەتی ڕەگەزی (نێر) لە ئەدەبدا، بابەتێکە تەنها پەیوەست نییە بە ئەدەبی کوردییەوەو لە ئەدەبی کوردیشدا تەنها بە (شێخ ڕەزای تاڵەبانی)یەوە ، بەڵکو هەم لە ئەدەبی گەلاندا بوونی هەیەو هەم لە ئەدەبی کوردیشدا پێش شێخ ڕەزا هەبووەو گرنگیپێدراوە. بۆ نموونە باسکردنی (قادر_قالە) لە دەقەکانی مستەفا بەگی کوردیدا، بەڵام لە شیعرەکانی شێخ ڕەزادا بەبێ هێماو ڕاستەوخۆ باس لە ڕەگەزی نێر دەکرێت و تەنانەت ناوەکان لە ڕاستیدا بوونیان هەیە. ئەم شێوازەی شێخ ڕەزا، شێوازی تایبەتیی خۆی بووەو لە شێوازو مەبەستی هیچ شاعیرێکی ترەوە وەرینەگرتووە «پیرەمێردی شاعیر باس لە تایبەتمەندی و دەنگی ڕەسەنی شاعیر دەکات و دەڵێت: شێخ ڕەزا گەوهەرێك و جەوهەرێکی بوو ئەتوانم بڵێم نەك لە خاکی کوردستاندا، سایەی ئەو لە جیهاندا بوو. لە جیهاندا مانەندی بوو جارێ هەرچی وتووە هی خۆیەتی لە کەسی نەدزیوەو، لە فارسیشدا شێوەیەکی بۆ خۆی داناوە، دوای ئەو کەس نایگاتێ». (قەرەداخی، ۲۰۰۹، ۳۳)

ئەم تایبەتمەندێتییە وادەکات، کە بڵێین شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە ناوەندی ئەدەبی کوردیدا خاوەنی سیمایەکی تایبەتیی خۆیەتی و دوای خۆشی، بەهۆی هەستیاریی بابەتەکەوە، هیچ شاعیرێکی تری دیاری ناو ئەدەبی کوردی، نەیتوانیوە لاسایی بکاتەوە، بەتایبەتی لە بەکارهێنانی ڕەگەزی نێر وەك کەرەستەی سێکس لەناو دەقی ئەدەبیدا. شاعیر بە چەند شێوەیەکی جیاواز مامەڵەی لەگەڵ ئەم بابەتەدا کردووە.

یەکەم: ناوهێنانی کەسەکان وەکخۆیان

**نەجابەت کەی لە تۆدایە لە دوو چاڵی چەتیوت بەم**

**حەمەی تووڵینە بەم تووڵە لە تووڵینەی هەتیوت بەم (دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، شوکور مستەفا، ۲۰۱۰، ۱۸۷)**

شێخ عەلی مەحبووبمە و بینایی هەردوو چاومە
بێ قەیی بێ، بۆ تەبەڕووك تاقە جارێ گاوومە (دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، شوکور مستەفا، ٢٠١٠، ١٩٢)

هەتیوی لووسی بێ تووکم لە عومری خۆم گەلێ گاوە
لە سەمتی سمتی حەممادیم نەبرد ئەم حەسرەتەم ماوە (سەرچاوەی پێشوو، ١٩٧)

یەکتری دەعوەت ئەکەن ئەهلی دیانەت بە قوزی
کوڕی مفتی بە قنگی خانمی دایکی بە قوزی (سەرچاوەی پێشوو، ٢١٠)
دووەم: بەگشتی ناوهێنانی ئەندامی (نێر) وەك ئامڕازی سێکسکردن

هەتیوی خوبڕوو و مەحبووبی سادە
کە دەستت کەوت سواری بە و پیادە (سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٢)

ئاشی سمتی تۆ بە ئاوی کێری ئێمە ناگەڕێ
ئاش بەتاڵی بۆ بکە گەر تاقەتی دانت هەیە (سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١)

گەر لە ناموست ئەترسی های وە تەنگی قنتەوە
وەختی بۆ تەکیە ئەچی دەس بگرە پشتی قنگتەوە (سەرچاوەی پێشوو، ١٩٩)

تڕی ئەولادی ئەم عەسرە بە کێرم
کە من مردم مەگەر گوو بکەن بە خێرم (سەرچاوەی پێشوو، ١٨٤)

سێیەم: ناوهێنانی ئەندامی نێرینەی خۆی

بەم جووتە گونە کە دەڵێی عەنتەری نێرم
لێم لادە نەوەك بتخەمە بەر حەملەیی کێرم (سەرچاوەی پێشوو، ١٨٣)

کێر ئەگەر مەیلی کونی کرد، سەرەکەی بگرە لە مشت
همە جا خانەء عشق است چ مسجد چە کنشت (سەرچاوەی پێشوو، ١٧٩)

گەلێ سمتی سپیم دەس کەوت و نەمتوانی پیاکێشم
درێغ بۆ تەمتوراقیی کێرەکەی چەند ساڵ لەمەوپێشم (سەرچاوەی پێشوو، ١٨٦)

**کێر کە هەستا نە لە بێگانە دەپرسێ نە لە خوێش**
**گورزی خۆی هەر دەوەشێنێ چ لە پاش و چ لە پێش**
**هەمە کێرێکی قەوی، هێند بە کونی تەنگا چووە**
**سەروچاوی هەموو زامدارە، پەراسووی هەموو ڕێش**
**تا ملی غەرقە لە چەرما، وەکو سیواکی مەلا**
**پرچی ئەفشانە لەسەر پشتی ملی وەك دەروێش (دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، شوکور مستەفا، ٢٠١٠، ٧٨)**

**چوارەم: ناوهێنانی کەسایەتییە کۆمەڵایەتییە دیارەکان وەك کەرەستەی سێکسی**

**پوورە شوکری بەسیە با نەتگێم و سمتت لەق نەکەم**
**دایکە کێرخۆرت هەواڵەی سووری سەر ئەبلەق نەکەم**
**نییەتم بوو دەفعەیێ خۆمت پیادەم باز وتم**
**نەقسە بۆ ئەمسالی من با گوێ لە هەر ئەحمەق نەکەم (سەرچاوەی پێشوو، ٨٤)**

**بە ڕەمز قسەم پێ دەڵێ بەگی جافان**
**بزن قنگی نەخورێ چی دەوێ لە نانی شوان**
**بە کێری گەورە بەرم، لە مەقعەدت تا بن**
**ئەگەر قووەت بدەیتە خۆت ترت دەبێت دووان (سەرچاوەی پێشوو، ١٥٨)**

**ڕەببی قەت تووشمان نەهێنی عیللەتی قائیممەقام**
**ئێمە تابی حەرب و زەربی کێری پاشامان نییە**
**هەرکەسێ بیگێ دەڵێ ئەی ئافەرین سەد ئافەرین**
**دوژمنی ساداتە قەت باکی لە دان و مان نییە**
**دوو هەزار کێری پیا ڕۆیی نەخارا مەقعەدی**
**ئێمە میرم مەترەقی وەك سەنگی خارامان نییە**
**بیکوژن کێرخۆرە نامووس و حەیای کوردانی برد**
**قەت لە کوردانا دەڵێی پیاوێکی ئازامان نییە (سەرچاوەی پێشوو، ١٢٠_١٢١)**

شاعیر لەم بوارەدا زۆر بە شێوەیەکی هونەرییانەو بە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵك، باس لە ڕەگەزی نێر دەکات و تەواوکاریی پرۆسەی گوتارە سێکسییەکەی پێ ئەنجامدەدات. لە ئاستی گشتیدا ئەو شیعرانەی شێخ ڕەزای تاڵەبانی بۆ ئەم بوارەی نووسیون، زۆرتر بڵاون، بەڵام لە بواری ئەکادیمیدا کەمتر ئەم مەبەستە دیاریکراوەی شاعیر کاری زانستی لەبارەیەوە ئەنجامدراوە.

ئەگەر سەرنجی گوتاری سێکسیی شاعیر بدەین، دەبینین، کە زۆر بە وردی و بە مەبەست و لێزانانە کاریکردووە لەسەر بونیادنانی گوتارێکی سێکسیی تۆکمە، چونکە ئەو هەموو ئەو وشەو زاراوانەی، لە بواری سێکسیدا بەکاردەهێنرێن، شاعیر بەشێوەیەکی هونەرییانەو بە بێ هێما بەکاریهێناون و ئەم شێوازە هەم لەڕووی زمانەوە سادەو ساکارەو لەگەڵ ئاستی ژیریی گشتیدا یەکدەگرێتەوە، هەم شاعیر بە ئەوپەڕی بوێرییەوە، کاری لەسەر بەرهەمهێنانی گوتاری سێکسی لە دەقە ئەدەبییەکانیدا کردووەو داهێنانی ئەدەبیی پێ ئەنجامداوە، بەشێوەیەك بەهۆی ئەم دەقانەوە، ئەدەبی کوردیش وەك ئەدەبی گەلانی تر، خاوەنی دەقی لەمجۆرەیە، کە بوونەتە بەشێك لە داهێنانی ئەدەبی جیهانی، وەك دکتۆر (ڕەمسیس عەوەز) لە کتێبی (هۆمۆسێکسوالیتی و داهێنان)دا باس لە ئەزموونی پڕ داهێنانی ژان ژینییە، ئەندرێ ژید، مارسێل پرۆست، تۆماس مان) دەکات. بۆ نموونە لەبارەی نووسینی شانۆگەرییە بەناوبانگەکانی (ژان ژینییە)وە دەڵێت: کاتێك ئەو جوانترین شانۆگەرییەکانی کە بریتین لەمانە: (بانیژە ١٩٥٦- ڕەشپێستەکان ١٩٦٠، پەردەکان ١٩٦١) نووسی، کە ئەو شێت و شەیدای هەرزەکارێکی عەرەب بوو بەناوی عەبدوڵلا. (عەوەز، ٢٠١٥، ٧)

هەرچەندە بەهۆی (تابۆی نێربازی) لە کۆمەڵگای ئێمەدا تا ئێستا ئەوە نەسەلماوە، کە شاعیر کارەکەی بە کرداریی ئەنجامداوە، یاخود نا، هەربۆیەش توێژینەوەکەمان کارکردنە لەسەر جیهانبینیی شاعیر لەڕێگەی شیعرەکانییەوە بۆ ڕەگەزی نێرو ئەنجامدانی کردەی سێکسیی لەگەڵیدا، بەڵام دواجار ئەو دەقانە هەم ئاستی هونەرییان بەرزەو هەم بەشێکی دانەبڕاون لە داهێنانی ئەدەبیی شێخ ڕەزای تاڵەبانی.

## ئەنجام

## ئەنجامی توێژینەوەکە لە چەند خاڵێکدا دەخرێنەڕوو:

١. گوتاری سێکسیی لە ئەدەبدا، بابەتێکە تەنها تایبەت نییە بە ئەدەبی نەتەوەیەکی دیاریکراوەوە، بەڵکو لە گشت قۆناغە جیاوازەکانی ئەدەبی نەتەوەکاندا ئامادەیی بەرچاوی هەیە. لەبەرامبەر ئەمەدا، شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە بونیادنانی گوتاری سێکسیی لە ئەدەبی کوردیدا، پێگەیەکی گرنگ و دیاری هەبووە.

٢. لە ئەزموونی شیعریی شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا، تێکەڵاوییەك لەنێوان مەبەستی داشۆرین و گوتاری سێکسیدا کراوە، لەکاتێکدا بەشێك لەو شیعرانەی شاعیر، کە بە داشۆرین دانراون، هەڵەی زانستییە، بەپێچەوانەوە ئەو جۆرە شیعرانە دەبنە بەشێك لە گوتاری سێکسیی لای شاعیر.

٣. شێخ ڕەزای تاڵەبانی، بەبێ بەکارهێنانی هێماو بە ئاشکرا باس لە جەستەی مرۆڤ دەکات وەك بەشێك لە گوتارە سێکسییەکەی لە شیعردا. بۆ ئەمەش، وشەو زاراوەکانی زمانی ئاخاوتنی باو بەکاردەهێنێت و بە ئەوپەڕی بوێرییەوە ئەو کارە ئەنجامدەدات.

٤. لە گوتاری شیعریی شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا، زۆرتر گرنگی بە باسکردنی ئەندامانی جەستەی (نێر) دراوە لەچاو جەستەی (مێ)دا، ئەمەش بووەتە بەشێك لە بونیادنانی گوتاری سێکسیی لای شاعیر. لەبەرامبەردا، جیاواز لە شاعیرانی تر، (مێ) لە گوتاری سێکسیی شاعیردا ئەرکێکی تری هەیە، ئەویش ئەرکی سێکسییەو هەندێك جاریش هاوشێوەی شاعیرانی تر وەك بوونەوەرێکی خاوەن پێگەی مرۆڤبوون لە کۆمەڵگادا لە ژنی ڕوانیوە.

# مكانة الشيخ رضا الطالباني في بناء الخطاب الجنسي في الشعر


## الملخص

يتعلق هذا البحث بعنوان "مكانة الشيخ رضا الطالباني في بناء الخطاب الجنسي في الشعر". إنَّ تناول هذه المواضيع في الأدب الكردي مع صعوبته إلا أنه جديد وذات أبعاد، حيث حاول الباحث أن يتناول تفسير أشعاره بحذر.

وقد تناول البحث بشكل عام تفسير مفهوم الخطاب والخطاب الجنسي في الأدب، من الجانب اللغوي والمعجمي، وقد عرض الباحث في بحثه العلاقة بين الجنس والجسد من جانب، وبين الجنس والشهوة من جانب آخر؛ ثم بيَّن الباحث أسباب وجود هذه الخطابات في الأدب وأبعاد الخطاب الجنسي في تجربة شعر الشيخ رضا الطالباني، خصوصًا دور الجسد في بناء وتكوين هذا النوع من الخطاب، بالإضافة إلى التفريق بين الجنسين: الذكر والأنثى في إطار هذا النوع من الخطاب، وفي النهاية أظهر الباحث الفرق بين غرض الهجو والخطاب الجنسي في تجربة الشيخ رضا الطالباني مع الاستشهاد بالأدلة الشعرية.


الكلمات المفتاحية: الخطاب الجنسي، الهجو، الجسد، الشهوة، الحب.

# The Role of Sheikh Razai Talabani in Construction of Sexual Discourse in the Poems


## Abstract

This paper is entitled "The role of Sheikh Razai Talabani in construction of Sexual discourse in the poems". It is obvious that dealing with these topics in Kurdish literature, with its difficulty, is new and has different dimensions. That is why the researcher tried to approach the interpretation of the poems cautiously.

In general, the interpretation of the concept of discourse and sexual discourse in literature are dealt with in the paper. Later, both concepts are described from the linguistic and lexical point of view. Moreover, the relationships between "sex and the body", "sex and lust", and "sex and love" are shown. Then, the reasons for the existence of these discourses in literature are clarified. In addition, the dimensions of sexual discourse in the experience of Sheikh Razai Talabani's poetry are illustrated, especially the role of the body in building and forming this type of discourse. Furthermore, the differentiation between the two genders, male and female, is indicated within the framework of this type of discourse. Finally, the difference between satire and sexual discourse in the poetic experience of Sheikh Razai Talabani is explained and adequate poetic evidence is provided.


Key Words: Sexual discourse, Satire, The body, Lust, Love.

## سەرچاوەکان

## القرآن الكريم

أ. بە زمانی کوردی:

ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد، (٢٠١٥)، فەرهەنگی زاراوەکانی (ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان)، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی غەزەلنووس، چاپخانەی تاران.

بۆکانی، سابیر، (٢٠٢٠)، ئینسایکلۆپیدیای زانستە دەروونییەکان، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.

تاقانە، ئەحمەد، (٢٠١٠)، شێخ ڕەزای تاڵەبانی (کەڵە شاعیری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست)، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

تاڵەبانی، موکەڕەم، (٢٠١٠)، شێخ ڕەزای تاڵەبانی (ژیانی، پەروەردەی، بیروباوەڕی و شیعری)، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

تۆفیق، قەیس کاکل، (٢٠١٥)، سێکسیزم لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، Vol. (٢)، ژمارە (٤)

چەند بنووسێك (٢٠١٠)، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

حەسەن، حەمەسەعید، (٢٠١٨)، فڕین بە باڵی شیعر، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

حەوێزی، دەریا، سڵێوە، هاوژین (٢٠١٥)، ئێرۆتیك لە شیعری (حەمام)ی (شێرکۆ بێکەس)دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

خاڵ، شێخ محەمەد، (٢٠٠٥)، فەرهەنگی خاڵ، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

سەعید، محەمەد ئەحمەد، (٢٠٠٩)، شێخ ڕەزای تاڵەبای لەنێوان ستایش و داشۆریندا، ڕۆڤار، ژمارە (٥٣).

عوسمان، سالار، (٢٠١٥)، مەرگ لەنێوان فەلسەفەو ئەدەبدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ADA BOOK STORE، هەولێر.

عەوەز، ڕەمسیس، (٢٠١٥)، هۆمۆسێکسوالیتی و داهێنان، و: شوان ئەحمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.

فۆکۆ، میشێل، (٢٠١٧)، مێژووی سێکوالیتە، و: کاوە دەستوور، بەرگی یەکەم، ویستی دانایی، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە، چاپی یەکەم، سلێمانی.

فۆکۆ، میشێل، (٢٠١٧)، مێژووی سێکوالیتە، و: کاوە دەستوور، بەرگی دووەم، بەکارهێنانی چێژەکان، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە، چاپی یەکەم، سلێمانی.

فۆکۆ، میشێل، (٢٠١٧)، مێژووی سێکوالیتە، و: کاوە دەستوور، بەرگی سێیەم، خەمی خود، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە، چاپی یەکەم، سلێمانی.

فەرەج، شاخەوان جەلال، (٢٠١٣)، تابۆ وەك نموونەیەکی پەیوەندیی نێوان زمان و کلتور، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی بینایی.

قادر، ئارام محمد، (٢٠٠٧)، نامۆیی لە شیعری کوردیدا (کرمانجی خواروو ١٩٧٥_٢٠٠٠)، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

قەرەداغی، عەبدوڵڵا، (٢٠٠٩)، ئەرکی وێنەی شیعریی لە هەجوی شێخ ڕەزادا، ڕۆڤار، ژمارە (٥٣).

کەسنەزانی، بوشرا، (٢٠١٩)، شیعری کلاسیکی کوردی و تابوو شکێنی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

مستەفا، شوکر، (٢٠١٠)، دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

موکریانی، گیو، (١٩٩٩)، فەرهەنگی کوردستان (کوردی-کوردی)، دەزگای ئاراس، هەولێر.

موکریانی، هەژار، (١٩٩١)، هەنبانە بۆرینە (کوردی- کوردی- فارسی)، تاران.

میرە، ئەحمەد محەمەد ڕەشید، (٢٠١٩)، دیاردەی یاخیبوون لای شێرکۆ بێکەس و محمد ماغوط (دیوانی ئێستا کچێك نیشتمانمەو دیوانی شرق عدن غرب الله بە نموونە)، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

مەولود، ڕێزان صالح، (٢٠١٦)، ئیرۆتیك لە کۆمەڵە شیعری: "چاکەتێك لە کۆنە دەکرم"ی قوبادی جەلیزادەدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، Vol. (٣)، ژمارە (٧).

## ب. بە زمانی عەرەبی:

أرون، پول (دینسیس سان جاك، الآن ڤیالا)، (٢٠١٢)، معجم المصطلحات الأدبیة، ت: محمد حمود، مجد المؤسسة الجامعیة للدراسات النشر و التوزیع، بیروت، لبنان.

أوشو (٢٠١٤)، من الجنس الى أعلى مراحل الوعي، ت: أیمن أبو ترابي، الطبعه الثانیة، دار الفرقد، دمشق، سوریا.

أی غاسیت، خوسه أورتغا، (٢٠١٣)، دراسات في الحب، ت: على ابراهیم أشقر، منشورات الهیئة العامة السوریة للكتاب، وزارة الثقافة، دمشق، سوریا.

حیاة لصحف، الخطاب بین رولان بارت و هالبرماس، جامعة تلمساي.

سرحان، هیثم، (٢٠١٠)، خطاب الجنس مقاربات في الأدب العربي القدیم، الطبعة الأولى، المركز الثقافي العربي، الدار بیضاء، المغرب.

العزب، محمد أحمد، (ب.ت)، ظواهر التمرد في الشعر العربي المعاصر، رسالة دكتوراه، قسم الأدب و النقد، كلیة اللغة العربیة، جامعة الأزهر.

غالاز، ویز، (ouiza GAllEzE): مفهوم الجسد عند هایدغر (بین المثالیة و فلسفة الكینونة).

الفجاري، مختار، (١٤٣٥ هـ)، مفهوم الخطاب (بین مرجعه الأصلي الغربي و تأصیله في اللغة العربیة)، مجلة جامعة طیبة للأدب و العلوم الأنسانیة، السنة الثانیة، العدد (٣).

یسین، السید، (٢٠٠٧)، التحلیل الأجتماعي للأدب، الطبعه الثانیة، دار العین للنشر، قاهرة، مصر.

پ. پێگەی ئەلکترۆنیی:

٣٥. www.webreview.dz

٣٦. istighrab.licss.iq